Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10322

# کارایی له بەڕێوەبردنی پۆلدا لەڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە (فاکەڵتی پەروەردە وەك نموونە)

**بەهات عبدالرزاق سعید**

بەشی پەروەردەی دەرونزانی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی ئاستی کارایی بەڕێوەبردنی پۆل لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە بەگوێرەی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز و پلەی زانستی) بۆ سالی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) توێژەر پشتی بەستووە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە مامۆستایانی زانکۆی کۆیە و نموونەی توێژینەوەکەی بریتیبوو لە (٦٠) مامۆستا لە بەشە جیاوازەکانی فاکەڵتی پەروەردە کە بەشێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردران لەهەردوو ڕەگەز, پێوانەکە پێکهاتبوولە فۆرمێکی ڕاپرسی لە (٤٠) برگە کە لە سەرچاوەی (علی، ٢٠٠٩ ) وەرگیراوە بە زمانی عەرەبی توێژەر دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی وەرگێران و دواتر دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیریی بۆ پێوەرەکە دوای ئامادە بوونی پێوانەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دابەشکرد و جێبەجێکرا پاش گەڕانەوەی فۆرمەکان و شکردنەوەی داتاکان بە سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی چەند هاوکێشەی ئاماری (spss) وەك (هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ و One Sample t -Test , One Way Anova, Independent Sample Test ) ئەنجامی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە ئاستی کارایی بەڕێوەبردنی پۆل بەگشتی بەڵگەداری ئاماریی بوو هەروەها لە زانینی ئاستی کارایی بەڕێوەبردنی پۆل بە گوێرەی ڕەگەز بەڵگەداری ئاماری بوو بەتایبەت ڕەگەزی مێ هەروەها لە زانینی ئاستی کارایی بەڕێوەبردنی پۆل بە گوێرەی پلەی زانستی بەڵگەداری ئاماری نەبوو, لەکۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر گەیشت بەکۆمەڵێك دەرئەجام و پێشنیاز, بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە و توێژینەوە هاوشێوەکانی دواتر.

***Article Info***

Received: Auguste, 2022

Revised: June, 2022

Accepted: June, 2022

***Keywords***

بەڕێوەبردنی پۆل، کارایی، مامۆستایانی زانکۆ, فاکەڵتی پەروەردە

***Corresponding Author***

Bahat.betushy@koyauniversity.org

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە:

پەروەردە هەر لە کۆنەوە لە ژیانی تاك و کۆمەڵگەدا شوێنێکی گرنگی داگیرکردوە چونکە لەڕێگای پەروەردەوە گرنگترین پێکهاتەکانی گەشەو پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگا ئامادە دەکرێت ئەم سیستەمەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بریتیە لە مامۆستا , پرۆگرامی خوێندن , ژینگەی فێربوون ,کات, سیستەمی پەروەردە یەکێکە لە گرنگترین و بە بەهاترین دەزگاکانی دەوڵەت لە پلان و ستراتیجی دەوڵەتدا پەروەردە و ئاسایشی نیشتمانی تەواوکاری یەکترن بۆ چەسپاندنی قەوارەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری...هتد.

پرۆسەی پەروەردە ئامانجی گەشەپێدانی توانای زانستی خوێندکارانە، لەبەر ئەوەی خوێندکار تەنها مەبەست نییە کە خودی خۆی بناسێت، بەڵکو پێویستە فێری ئەزموونی زانستی ببێت تاکو بتوانێت ئەوگرفتانە چارەسەر بکات کە لە کاروانی ژیان ڕووبەرووی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەبێتەوە. زۆربەی بوارەکانی پەروەردە باس لە بەڕێوەبردنی پۆل دەکەن هەروەها بەڕێوەبردنی پۆل زانست و هونەرە لە یەك کاتدا ئەوانەی پیشەی وانە بێژی دەکەن و وانەوتنەوە ئەنجام دەدەن بە کەسانێکی بەڕێوەبەر و سەرکردە ناوزەند دەکرێن و پێشەنگن لە بوارەکانی ژیان، هەر بۆیە کارامەیی دەگۆڕێت لە کەسێك بۆ کەسێکی تر بە گوێرەی گرتنەبەری ڕێگای جیاواز لە وانە

وتنەوەدا, پەروەردە و فێرکردن بەردی بناغەی هەموو پێشکەوتن و پەرەسەندنێکە لەهەموو وڵاتان گرنگی و بایەخی زۆر بە فێرکردن و خوێندن و گەشەکردنی پڕۆسەی فێرکردن دەدەن،بۆ بەرەو پیشچوونی ئەم پڕۆسەیە زانکۆ پێویستی بە کەسانی ئەکادیمی و لێهاتوو هەیە کە شارەزاو پسپۆربن لە بوارەکانیان.پێشکەوتنی زانستی لەهەر کۆمەڵگایەك پێوەری پێشکەوتنیەتی و پێشکەوتنی زانستی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر ئەستۆی زانکۆ و دامەزراوە فێرکارییەکان.

پۆل پێکهاتووە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی بچووك کە لەسەر بنەمای پەیوەندی و هاوکاری نێوان مامۆستاو خوێندکاردا چالاکیە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بەڕێوەدەبرێن, ئەوانەی لەوتنەوەی وانەدا ناتوانن بەباشترین شێوە و بنەماکانی وتنەوەی وانە ئەنجام بدەن، ناتوانن بەڕێوەبەرێکی باش بن لە پۆل دا ئەمەش دەبێتە هۆی کات بەفیرۆدان و پرۆسەی فێرکردن سەرکەوتوانە بەڕێوە ناچێت, پڕۆسەی وانەوتنەوە ڕوودانی گۆڕانکاری ویستراوە لە ڕەفتاری خوێندکاراندا و بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفەو لێهاتویی و ئاراستە و بەهای خواستراوە لای خوێندکار، لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە فێرکارییانە کە هەوڵدەدات گۆڕانی ویستراو لە ڕەفتاردا بکات، پێویستە مامۆستا هەستێت بە گواستنەوەی ئەم مەعریفەیەو زانیاریانە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش کە جێگەی گرنگی پێدانی خوێندکارو و ئارەزووەکانی بێت و پاڵنەربێت بۆ فێربوون هەروەها لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی خوێندکار و خاسیەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژیری و جەستەییەکانی. یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی ژیان پەروەردە و فێرکردن بۆ ئەوەی بە باشترن شێوە پەروەردە بکەین پێوستمان بە مامۆستایەکی سەرکەتووە هەیە لەم ڕۆژگارەدا ئەرکی مامۆستا گرانترە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و تێگەشتنی جیا جیا لەچەمکە مەعرفیەکان وە لەم ڕاپۆرتەدا باسی رۆڵی مامۆستایەکی سەرکەوتوو دەکەم بۆ پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان بەروە پێش ببەن وە باسی ڕۆڵی مامۆستای سەرکەوتوو دەکەین بەرانبەر پشەکەی, بەڕێوەبردنی پۆل یەکێکە لە کارامەییەکانی مامۆستا بۆیە پێوستە هەوڵبدات کەشێکی لە بار و پەروەردەیی دروست بکات لە پۆلدا و کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانی بکات, بەڕێوەبردنی پۆل بە یەکێك لە بنەماکانی پرۆسەی فێربوون هەژمار دەکرێت, چونکە پەیوەندی بە ڕەخساندنی ژنگەیەکی ئارامەوە هەیە هەروەها توێژەر لە میانەی ئەزموونی خۆی و لەو چەند ساڵەی وەك مامۆستای زانکۆ گفتوگۆی بەردەوامی لەگەڵ مامۆستاکان و تێبنسکردنی خوێندکاران و وتنەوەی وانەکان بۆی دەرکەوتووە کە شێوازی بەڕێوەبردنی پۆل کارگەریەکی زۆری هەیە لە سەرخوێندکاران, هەروەها سەرنجی ئەوەدا کە بە پێی پێویست مامۆستایان بەگشتی گرنگی نادەن بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی پۆل وگرنگی بە گفتوگۆکردن و هاندانی خوێندکاران نادەن تەنیا زانیاریەکە دەگەیەنن و لایان گرنگ نیە کە خوێندکار لە پۆلدا گرنگی پێبدرێت و ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری خوێندکاران تا چ ئاستێك گۆرانی بەسەردا دێت. زۆر جار خوێندکاران بە هۆی شێوازی هەڵەی بەڕێوەبردنی پۆل لەلایەن مامۆستاوە ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنێن, هەروەها بێ بەرنامەیی مامۆستاکان لە بەڕێوەبردنی پۆلدا و نەبوونی پلانی خوێندن و دابیننەکردنی پێداوستی فێرکاری و کەم و کوری لە ژینگەی فێرکاری و نەگونجاوی کاتی خوێندن ئەوانە هۆکارن بۆئەوەی کار لە چۆنیەتی مامەڵەکردن و بەڕێوەبردنی پۆل بکات لەلایەن مامۆستایانەوە, زانراوە کە کۆنترۆڵکردنی پۆل و هۆڵەکانی خوێندن کارێکی ئاسان نیە و دەبێت مامۆستا تواناو کارامەیی تایەبەت بەخۆی هەبێت, چونکە هەر خوێندکارێك خاوەنی حەزو ئارەزوو بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیەتی و لە ژینگەیەکەوە هاتووە و بە جۆرێك پەروەردەکراوە کە جیاوازە لە خوێندکارەکانی تر, بۆیە ئەرکی مامۆستایە هاوسەنگیەك دروست بکات لەناو پۆلدا و هەموو حەزوئارەزوو بىرکردنەوەکان لە پۆلێکدا کۆبکاتەوە, بەبۆچوونی توێژەر بەڕێوەبردنی پۆل بەکارایی لەلایەن مامۆستاوە دەبێتە هۆی فێربوون زیاتر ڕوبدات لێهاتوویی و کارامەیی خوێندکاران بەرز بێتەوە، توێژەر پێی وایە کاتێك ئەنجامەکان دێتەدی کە ئەوانەی فێری خوێندکار دەکرێت ببێت بە بەشێك لە ڕەفتار و یارمەتیدەربێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی دوچاری دەبێتەوە. هەربۆیە بەڕێوەبردنی پۆل یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان کە وادەکات کارگەربێت لەسەر پرۆسەی فێرکردندا بەمەبەستی زانینی ئەوەی ئایا کارایی لە بەڕێوەبردنی پۆل لە چ ئاستێك دایە ؟ بۆ دەستکەوتنی وەڵآمی ئەم پرسیارە توێژەر ئەم توێژینەوەیەی ئەنجامدا.

## دووەم : گرنگی توێژینەوەە :

پەروەردە پڕۆسەیەکی کارلێکە کە تێیدا ئەزموون و لێهاتوویی و زانیاری لەمامۆستاوە بۆ خوێندکار دەگوازرێتەوە کە ئامانجی گەیاندنی زانیارییە بۆ خوێندکارو دروستکردنی بىرکردنەوەو گۆرانکارییە لە بىروبۆچوونەکانی خوێندکاران, ئەوانەی کاری پەروەردەکردنی مرۆڤ دەکەن پێوستیان بە کەسایەتی بەرز هەیە، نموونە بن بۆ هەموو کەسێك, مامۆستا ئەو فەرماندە پەروەردەییەیە کە پێشەنگی پڕۆسەی گەیاندنی شارەزایی و زانیارییە پەروەردەییەکانە، وانەوتنەوە پیشەیەکی وردو ئالۆزە کە تیایدا لێهاتویی و کەسایەتی مامۆستا دەردەکەوێت بۆیە پێویستی بە زانیاری و پسپۆری و شارەزایی تەواو هەیە چونکە کۆمەڵێك ئامانجی پەروەردەی وانەوتنەوە هەیە کە دەبێت مامۆستا هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بدات لەکاتی

وانەوتنەوەو لەناو پۆلد مامۆستا پێویستی بەکۆمەڵێك کارامەیی هەیە وەك کارامەیی پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەبێت مامۆستا بتوانێت کەشێکی پەروەردەی دروست بکات لە ناوپۆلدا و لەرێگای کۆمەڵێك رەفتاری پەروەردەیدا بتوانێت متمانەو باوەڕبەخۆبوون و بنەمای رێزگرتن لەنێوان خۆی و خوێندکارانیدا دروست بکات. کەواتە رەفتاری پەروەردەی بریتیە لەو جوڵەو هەڵس و کەوتانەی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات لەناوپۆلدا بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ خوێندکارانیدا, کەواتە وانەوتنەوە بریتیە لەپرۆسەی کارلێك لە نێوان مامۆستاو خوێندکارانـدا لە ناوپۆلدا(حەسەن,٢٠١٢:٢٣).

پەروەردە ئەو هۆکارە گرنگەیە کە نەتەوەکان بەکاریدەهێنن بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانیان لە هەموو بوارەکاندا و لەهەموو ئاستەکاندا، ئەم راهێنانە کە بریتیەدەبێت لە ناساندنیان بە بیروباوەڕ و پرەنسیپەکانیان و کەلەپووری نەتەوەکانیان کە ئەزموون و شارەزاییان بۆ دابینەدەکات کە بتوانن لەکاتی خۆیان تێبگەن و بەژداری بکەن لەبەرەو پێشچوونیان.ئەوەی ئەو هەمووکارە دەکات مامۆستایە کە دەبێت توانای خوێندکارەکانی بەرز بکاتەوە و هانیان بدات بۆ گەیشتن بە ئامانج.(بکار،2011،لا155).

لەپرۆسەی فێربوون و فێرکردندا خوێندکار رۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆیە پێویستە ژینگەیەکی گونجاوی بۆ دروست بکرێت کە پربێت لە کەشێکی ئارامی و رێزگرتن بۆئەوەی خوێندکار دەستکەوتێکی ئەکادیمی بەرز بەدەست بهێنێت, پێویستە هەموو لایەنەکانی پرۆسەی فیرکردن کە مامۆستایان و ئیدارییەکان و خوێندکار دەگرێتەوە لەسەر بنەمای رێزگرتن لە یەکتری و قبوڵکردنی رای بەرانبەر وەربگرن بۆ بەرزکردنەوەی رەفتاری ئەرێنی و چاندنی بەهای بەرز لەلای خوێندکاران, رێگاو ستراتیجیەتەکانی وانەواتنەوەش گۆشەیەکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەیین, سەردەمی ئەمڕۆ ناسراوە بەپێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بەهۆی خێرایی گەشەکردن کەواتە وانەواتنەوە کۆمەڵێك چالاکی و رەفتارە کە مامۆستا دەینوێنێ هەربۆیە لەپێناو دروستکردنی کەشێکی گونجاو و زانستی بۆ دەرخستنی باشترین دەستکەوتی فێرکاری و پەروەردەیی.( طوالبة واخرون,٢٠١٠: ٢٠).

کارە سەرەکیەکانی مامۆستا پێدانی زانیاری و شارەزاییەکانە بۆ خوێندکارەکانی تا بتوانن کۆنترۆڵی بابەتەکانیان بکەن بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا شارەزاییەکانی تەواوی هەبێت سەبارەت بەو بابەتانەی دەیڵێتەوە، چونکە ئەگەر مامۆستا زانیاری دەربارەی زانستەکەی خۆی نەبێت بێ گومان ناتوانێت زانیاری بە خوێندکارەکانی ببەخشێت، هەر ئەمەش وای کردووە بیرۆکەی پسپۆری سەر هەڵبدات بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت پسپۆری خۆی دەستنشان بکات و بە ووردی زانیاری دەربارەی پسپۆریەکەی کۆبکاتەوە بەڵام ئەم پسپۆرەیەش ئەوە ناگەنێت کەوا مامۆستا لە دەرەوەی پسپۆریەکەی هیچتر نەزانێت. بەرێوەبردنی پۆل پێکهاتوە لەو رێکار و کردارو رەفتارانەی کە مامۆستا لەناو پۆلی خوێندندا دەگرێتەبەر بەمەبەستی رێکخستنی ژنگەی پۆل و بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانەکە لەو کاتەی کە بۆی دیاریکراوە بۆیە دەتوانین بڵێین گرنگی بەرێوەبردنی پۆل پرۆسەیەکی رێکخراو و ئامانجدارە و پەیوەستە بە رەفتاری مامۆستاو خوێندکار هەروەها هەوڵدانە بۆ هێناندی ئامانجە دیاریکراوەکان(عزیز,٢٠١٤: ١٩٣). بەرێوەبردنی پۆل و کۆنترۆڵ کردنی لە هۆکارە هەرە گرنگەکانە بۆ رەخساندنی بوارێکی گونجاو بۆ وانەوتنەوە وە ئەم کارە بە کارە سەرەکیەکانی مامۆستا دەژمێردرێت کۆنترۆلکردن و پاراستنی هێمنی ناو پۆل رەخساندنی کەش وهەوای کۆمەلایەتی و ویژدانی گونجاو سەرنجدان و هەڵسەنگاندنی خوێندکاران بەرێوەبردنی پۆل کۆمەڵێك چالاکی و جموجۆڵە بە هۆیەوە مامۆستا دەخوازێت ژینگەیەکی وا لە پۆلدا بەدی بهێنێت کە پەیوەندی کۆمەڵآیەتی ئەرێنی لە نێوان مامۆستا و خوێندکاران بێتە دی بە ئامانجی پرۆسەی فێربوون و فێرکردنی چالاك, لێرەدا گرنگی بەرێوەبردنی پۆل دەکەوێتە سەر بارودۆخی ناوپۆل و مامۆستا کە پێوستە رەخساندنی کەشێکی پەروەردەیی و فێرکردنی کاریگەر بۆ خوێندکاران فەراهەم بکات و پلانێکی گونجاوی هەبێت و پەردان بە ئازادی رادەربرین و متمانە بەخۆبوون لای خوێندکاران دروست بکات و کارکردن و هەوڵدان بە ئاراستەی کەمکردنەوەی کێشەو ناکۆکی نێوان خوێندکاران و چاندنی گیانی هاوکاری و بەرپرسیاریەتی لای خوێندکاران دروست بکات(الرشایدە ، ٢٠٠٨ :١١).

بەبۆچونی توێژەر گرنگە کە مامۆستا لەناوپۆلدا هەوڵبدات کە پلانی رۆژانەی هەبێت و ئامانج و رێگای وانەوتنەوەی گونجاو و هۆیەکانی رونکردنەوە بەکاربهێنێت و بەپێی پێویست گۆرانکاری لە تونی دەنگی بکات و شوێنی بگۆرێت وزیاتر لە رێگایەکی وانەوتنەوە بەکاربهێنێت و رەچاوی جیاوازی تاکایەتی بکات,هەروەها مامۆستا هانا بۆ رێزگرتن و لێك تێگەیشتن بدات لەگەڵ خوێندکارەکاندا.

بەرێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ناوپۆل یەکێکە لە کۆڵەکەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و رۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە چونکە سەرچاوەی دابنکردنی ژینگەوکەش و هەوایەکی دروست و گونجاوە بۆ فێربوون, بەرێوەبردنی پۆل زانست و هونەرە چونکە مامۆستا پێوستی بە کۆمەڵێك خەسڵەت و تابەت مەندی و شێوازی مامەڵەی دروست هەیە کە دەبێت مامۆستا خاوەنیان بێت, کەواتە بەرێوەبردنی پۆل کۆمەڵێك رێکاری راستەوخۆ و ناراستەوخۆیە

که ماموٚستا له ناوپۆلدا پیادەی دەکات, هەروەها پاراستنی هێمنی ناو پۆل و دابینکردنی کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ خوێندکاران تا بتوانن ئازادانە بەروبۆچوونیان دەربڕن.(الزغلول و المحاسنه,٢٠٠٧: ٢١). بەڕێوەبردنی پۆل پێك دێت له کۆمەلیك چالاکی کە ماموٚستا بە ئەنجامیان دەگەیەنیت بەمەبەستی دابینکردنی کەش وهەوایەکی گونجاو و دروست لە ناوپۆل، کەتیایدا پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی نێوان ماموٚستاو خویندکارئەربنی بیت و هەرکەس ماف وئەرکی خۆی بزانیت و نەیبەزێنیت بەدەستەبەرکردنی پیداویستیەکانی فیرکردن. (عزیز ،٢٠١٧ : ١٥٢).

## سێیەم :ئامانجەکانی توێژینەوەکە

١ - زانینی ئاستی کارایی له بەڕێوەبردنی پۆلدا لە ڕوانگەی ماموٚستایانەوە .

٢ - زانینی ئاستی کارایی له بەڕێوەبردنی پۆل لە ڕوانگەی ماموٚستایانەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

٣- زانینی ئاستی کارایی له بەڕێوەبردنی پۆل لە ڕوانگەی ماموٚستایانەوە بە پێی گۆڕاوی پلەی زانستی.تەنیا سێ ئاست وەرگیرا (ماموٚستای یاریدەدەر, ماموٚستا , پرۆفیسۆری یاریدەدەر).

## چوارەم :سنوری توێژینەوەه :

١ - سنوری مرۆیی : ماموٚستایانی فاکەڵتی پەروەردە لە خوێندنی بەیانیان .

٢ - سنوری شوێنی : فاکەڵتی پەروەردە - زانکۆی کۆیە .

٣ – سنوری کاتی : ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ -٢٠٢٢.

پێناسەی زاراوەکان:

١- کارایی ( دولمەری ٢٠١٦)

برتیە لە تواناو شارەزایی تاك بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراوە, ئەم شارەزاییەش لە ئەنجامی فێربوون و ڕاهێنانی بەردەوامەوە دەبێت.(دولمەری,٢٠١٦: ٣١)

٢ - بەڕێوەبردنی پۆل (ابوعزام ٢٠١٩)

برتیە لە و پرۆسەیەی کە ئامانج لێی دابین کردنی ڕێکخراوە کاریگەرەکانی ناو پۆلە لە ڕێگای ئەو کارانەی ماموٚستا ئەنجامیان دەدات بۆ ڕەخساندنی زەمنەی پێویست بۆ ڕوودانی فێربوون ( ابو عزام ، ٢٠١٩:٨٧).

٣ – بەڕێوەبردنی پۆل (زادە ٢٠٢٢)

برتیە لە چۆنیەتی ڕێکخستن, ڕێنمایکردن, چاودێریکردن, هەڵسەنگاندن, بەدواداچوون, پێدانی ئەرك و پەیوەندکردن و گەیاندنی زانیاری وبابەت بەخوێندکاران و پەروەردەکردنیان بەمەبەستی فێربوون بەباشترین شێوە.(زادە,٢٠٢٢: ٩٥).

٤- بەڕێوەبردنی پۆل (سیوەیلی ٢٠١٧) کۆمەڵێك چالاکیە ماموٚستا ئەنجامی دەدات بۆ گەشە پێدانی ڕە فتاری خوازرا و سربنەوەی ڕەفتاری نەشیاو لەناو خوێندکاراندا لەگەڵ گەشەپێدانی پەیوەندی مرۆیی باش و دروست کردنی کەشێکی کۆمەڵایەتی چالاك و بەرهەمهێن و پارێزگاری کردن لە بەردەوام بوونی ئەو کەشە (سیوەیلی : ٢٠١٧, ٨٩ ).

پێناسەی تیۆری توێژەربۆ بەڕێوەبردنی پۆل :

بریتیە لە کۆمەڵێك ڕەفتاری پەروەردەیی و ئەو کار و چالاکیانەی کە ماموٚستا لەناو پۆلدا جێبەجێی دەکات بەمەبەستی ڕێکخستنی ژینگەی پۆل و دروستکردنی کەشێکی پەروەردەیی و ئارام بۆ خوێندکاران و گەیاندنی بابەت بە باشترین شێوە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان .

پێناسەی ڕێککاری توێژەر بۆ بەڕێوەبردنی پۆل :

بریتیە لەو نمرەییە کە نمونەی توێژینەوەکە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ برگەکانی پێوەرەکە بەدەستی دەهێنن کە بۆ مەبەستی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

ماموٚستای زانکۆ : بریتین لەو ماموٚستایانەی کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتوران لە زانکۆکان.

## بەشی دووەم

## چوارچێوە تیوریەکانی توێژینەوەکە:

بەڕێوبردنی پۆل یە کێکە لە گرنگترین ڕۆڵەکانی ماموٚستا کەتیایدا دەبێت کار بکات بۆ دابین کردنی ژنگەیەکی پۆلی گونجاو بۆ خوێندکاران تاکو لە سایەی دا پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بە باشترین شێوە ڕووبدەن لە چوارچێوەی پەروەردەی هاوچەرخدا بەڕێوەبردنی پۆل بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت چونکە ئەگەر هاتوو ماموٚستا لە ڕووی زانستیەوە بە توانا بێت و هەروەها بە باشی بە ڕێگاکانی وانە وتنەوە ئاشنا بێت بەڵام کارامەیی بەڕێوەبردی پۆلی نەبێت ئەوە وانە وتنەوەکەی بە وانەیەکی سەرکەوتو و کارا ئەژمار ناکرێت بەڕێوەبردنی پۆلی کاریگەر لە دوو جیهان پێك دێت (جیهانی بەڕێوەبردن و جیهانی پەروەردەکردن ) کە بنەمای مرۆڤایەتی کۆیان دەکاتەوە(محمد: ٢٠١٩, ٩٨).

**کارامەیەکانی بەڕێوەبردنی پۆل :**

بۆ ئەوەی ماموٚستا بتوانێت بە سەرکەوتووی پۆل بەڕێوەببات پێویستە چەند کارامەیەکە هەبێت وەك:

١-توانای ڕێکخستنی خوێندکاران و دروست کردنی گروپەکان و ڕێکخستنی بابەت و زانیاری و چالاکیەکان و توانای دابەشکردنی هەنگاوەکانی وانە وتنەوە بەسەر کاتی وانەکەدا بە شێوەیەکی گونجاو.

٢-توانای بەڕێوەبردنی گفتۆگۆکانی ناو پۆل بەشێوەیەکی کارا.

٣- توانای مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ کێشەکانی ناو پۆل و چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە

٤- توانای ڕێکخستنی سەرچاوە زانستیەکان و کەرەستە و کەل و پەلەکان بە شێوەیەك کەبتوانێت بە ئاسانی و لە کاتی پێویستدا بە کاریان بهێنێت .

٥-دابین کردنی ژینگەی پۆلی ئارام و بوونی پەیوەندیەکی ئەرێنی لەگەڵ خوێندکاران دا کە لە سەر بنەمای متمانەو ڕێزگرتن بنیاتنرابێت

٦-پەسندکردنی ڕەخنەی خوێندکاران بە سنگێکی فراوان (الغامدی :٢٠١٦, ٢٢)

**گرنگی بەریوەبردنی پۆل :**

بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ناوپۆل یەکێکە لە کۆڵەکەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و ڕۆڵێکی گرنگی لەسەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە هەیە, سەرچاوەی دابینکردنی ژینگەو کەش و هەوایەکی دروست و گونجاو بۆ فێربوون لەسەر شانی مامۆستایە هەربۆیە پێویستە مامۆستا کۆمەڵێك چالاکی ئەنجام بدات لەناوپۆلدا وپەیوەندییەکی کۆمەلایەتی لەسەر ڕێزگرتن لەگەڵ خوێندکاران دروست بکات, پێویستە مامۆستا زانیاری و لێهاتوویی و کارامەیی هەبێت کە بتوانێت شێوازی نوێ و چارەسەری کێشەکان و هانی کارکردن بە گروپ بدات و ڕۆڵ و ئەرکی خوێندکارەکان دیاری بکات و ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان خوێندکاران بکات(جوردن و بورج, ١٩٩٠:٤٠). لەڕاستیدا ئەرکی مامۆستا تەنیا بریتی نیە لە گواستنەوەی زانیاری بۆ خوێندکاران بەڵکو چەند چالاکیەکی جۆراوش ئەنجام دەدات بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر بارو دۆخی ناوپۆل وگرتنەبەری ڕێگاو شێواز و مامەڵەی گونجاو بەرانبەر خوێندکاران بۆیە دەتوانن گرنگی بەڕێوەبردنی پۆل لەچەند خاڵێکدا کۆ دەکەینەوە :

١- کۆنترۆلکردن و پاراستنی هیمنی ناو پۆل.

٢ -ڕەخساندنی کەش وهەوای کۆمەلایەتی و ویژدانی گونجاو.

٣-سەرنجدان و هەلسەنگاندنی خویندکاران.

٤-دابینکرنی کەشیکی پەروەردەیی بۆ فیربوون .

٥-ڕێکخستنی کات و باش بەکارهینانی بۆبە ئاکام گەیاندنی سەرجەم چالاکیەکان.

٦-بەپێی پلانی بەرنامە بۆ داریژراو ئامانجی تایبەتی وئامرازەکانی رونکردنەوە بەکاربهینریت.

٧-زامنکردنی پەیوەندی نیوان مامۆستاو خویندکار. (محمد ,2019 : 89).

ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی پۆل (کۆنترۆڵکردنی ) :

١- کۆنترۆڵکردن و پاراستن و هێمنی ناوپۆل .

٢ –ڕێکخستنی ژینگەی مادەی ناو پۆل.

٣ –ڕەخساندنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ویژدانی گونجاو.

٤ –سەرنجدان و هەڵسەنگاندنی خوێندکارەکان.(قەرەچەتانی,٢٠١٤: ١٥٦).

**ئامانجەکانی بەڕێوەردنی پۆل :**

درووستکردنی کەش و هەوایەکی پەروەردەیی, ڕوودانی فێربوونی کاریگەر درووستکردنی ژینگەیەکی ئارام و دڵنیاکەرەوە بۆ خوێندکاران, بەرزکردنەوەی ئاستی دەست کەوتی پەروەردەیی و دەست کەوتی مەعریفی(الحیله,٢٠٠٧: ٢٥٧)

**جۆرەکانی بەڕێوەبردنی پۆل :**

١-جۆری دیکتاتۆری: لەم جۆرە بەڕێوەبردنە مامۆستا بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و هەر وەها مامۆستا ئەوە بەسەر خوێندکاران دا دەسەپێنێت کە چی بکەن و چی نەکەن هەوڵنادات خوێندکاران بناسێت و بزانێت کێشەو گرفتەکانیان چیە مامۆستا ناهێڵت کەس قسە لە قسەی دابکات.

٢-جۆری دیموکراسی ئەم جۆرە بەڕێوەبردنی پۆلە لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەشە لە نێوان مامۆستایان و خوێندکاران دا کە مامۆستا بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ خوێندکاران دا دەکات و گوێ لەبۆچوون و تێبینیەکانیان دەگرێت و ڕەچاوی پێداویستی و بەرژەوەندیەکانیان دەکات یارمەتیان دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

٣-جۆری بێسەرەوبەری : ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە پریەتی لە بێ یاسایی و کەمتەرخەمی مامۆستا ئازادی داوە کە لەم جۆرە بەڕێوەبردنە نەبوونی ڕێز لە کەسایەتی خوێندکاران دا نیە واهەست دەکەن مامۆستا هیچ هەوڵێك نادات کات بە فەرۆدەدات (العجمی ،٢٠١٧:١٢) .

**بیردۆزەکانی بەڕێوەبردنی پۆل :**

بیردۆزی ڕەفتاری بەتایبەت سکینەر:

تیۆرە پەروەردەییەکان کۆمەڵێك بنەمای پێکەوە لکاون کە پرۆسەی پەروەردە ئاراستە دەکەن لەگەڵ کرداری فێرکردن، کەواتە تیۆرەکان وەسفی کردارەکان و ڕێکاریەکانی کە پێویستە بگرێنەبەر لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەی کە سود دەگەیەنن بە پرۆسەی فێربوون, ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە تایبەتە بە دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری گونجاو و پاداشتکردنی کەواتە مامۆستا دەتوانێت بەنواندنی ڕەفتارە پەروەردەییەکانی وابکات کە خوێندکارانیش تێیاندا ڕەنگ بداتەوە, لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی پۆلدا قوتابخانەی ڕەفتاری بە واتای ڕاهێنان دێت مامۆستاکان ڕێکاری توند سزادان بەکاردەهێنن بۆ دەست کەوتنی ئەو دەرئەنجامەی دەیانەوێت .لەبیردۆزەکەی سکینەر چەندین بنەما هەن کە لایەنگری ئەم ڕاهێنانە دەکەن کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە ڕەفتار و کردارەکانی خوێندکاران هەر مامۆستایەك ئەم یاسایانە بە کاربهێنێت دەست کەوتی خراپی دەبێت یان وەك و ئەوە وایە یاسای زۆر لێکردنی بەکار هێنابێت, سکینەر ئاماژەی بەوەدا کە بەستنەوە لە ئەنجامی

پرۆسەیەكدا دروست دەبن فێربوونی بەهێزكردن لە ڕێگەی كارلێكی تاك لەگەڵ كەسانی دیكەدا( السبعی ،٢٠١٧:٢١ ).

**- تیۆری خود و گەشە پێكردنی :**

زانایانی ڕێبازی مرۆڤایەتی پێیان وایە كە مرۆڤ بەردەوام بەدوای هێنانەدی خودی خۆیدایە ئامانجی گەیشتنە بە خودی خۆیدا ئەمەش لەڕێگای بارودۆخێكی گونجاو و ژینگەی گونجاو ڕوودەدات, بۆیە ئەركی مامۆستایە كە بتوانێت ژینگەیەكی گونجاو و كەشێكی گونجاو لە پرۆسەی فێركردندا دروست بكات و ڕێنمایی و ئاراستەی خوێندكاربكات,چونكە مرۆڤ توانای ئاراستەكردنی خودی خۆی هەیەو دەتوانێت ئەو ڕەفتارو هەڵس و كەوتە بكات كەخودی خۆی مەبەستیەتی و تواناكانی دەهێنێتەدی(فرج,٢٠٠٦: ٨٣).

بەبۆچوونی توێژەر یەكێك لە كارامەییە گرنگەكانی وانەبێژی كە پێویستە لە گشت مامۆستایاندا هەبێت كارامەیی بەڕێوەبردنی پۆلە ئامرازێكی سەرەكییە دەتوانێت خوێندكاران بگەیەنێت بە ئامانجی دیاریكراو, مامۆستا لەڕێگای كۆنترۆڵكردنی پۆل و سەرنج ڕاكێشانی خوێندكاران و وروژاندنی پاڵنەری و ئاستی بەئاگایی خوێندكاران وادەكات ئامانجەكانی فێربوون بێنەدی, پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەكی فرە ڕەهەندە یەكێك لە پێكهاتەكان بریتیە لە مامۆستا كە ڕۆڵێكی سەرەكی هەیە لە لەسەركەوتن و كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری خوێندكاراندا, هەربۆیە مامۆستا لە ژینگەی ناوپۆلداو لە وانەوتنەوەدا دەتوانێت كاربكاتە سەر ئاستی مەعریفی و ڕەفتاری خوێندكاران چونكە مامۆستا وەك ڕێبازێكی لاساییكردنەوەیە بۆ خوێندكارەكانی.

بەشی سێیەم: ڕێككارەكانی توێژینەوەكە

ڕێبازی توێژینەوەكە:

ڕێبازی وەسفی لە توێژینەوەكەدا بە كارهێنراوە، ئەمەش بە هۆی گونجانی لە گەڵ ئامانجەكانی توێژینەوەكە.

**كۆمەڵگەی توێژینەوە:**

كۆمەڵگەی توێژینەوەكە پێك هاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی فاكەڵتییەكانی زانكۆی كۆیە لە خوێندنی دەوامی بەیانیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ - ٢٠٢٢ لە زانكۆی كۆیە ، كەژمارەیان (٥١٠) مامۆستایە و لە چوار فاكەڵتی پێك هاتووە كە لە خشتەی ژمارە (١) روون كراوەتەوە .

خشتەی ژمارە (١) كۆمەڵگەی توێژینەوەكە

| ز | فاكەڵتی | ژمارەی مامۆستایان | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ١ | فاكەڵتی هەندەسە | ١٤٥ | مامۆستا ٥١٠ |
| ٢ | فاكەڵتی پەروەردە | ١٥٠ | |
| ٣ | فاكەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەكان | ١١٠ | |
| ٤ | فاكەڵتی علوم | ١٠٥ | |

نمونەی توێژینەوەكە

دوای ئەوەی توێژەر كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی دەست نشان كرد هەستا بە دەست نشانكردنی نموونەی توێژینەوەكە بەشێوەیەكی هەرەمەكی كە بریتی بوون لە مامۆستایانی بەشەكانی فاكەڵتی پەروەردە كە پێكدێن لە بەشی جوگرافیا و مێژوو و كوردی و عەربی و دەرونزانی و شەریعە و انگلیزی، بەشێوەیەكی هەرەمەكی (٦٠) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ .

خشتەی ژمارە( ٢) نموونەی توێژینەوەكە

| ز | بەش | ژمارەی مامۆستایان | ژمارەی نموونەی توێژینەوەكە | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەشی جوگرافیا | ٣١ | ١٠ | مامۆستا ٦٠ |
| ٢ | بەشی مێژوو | ٣٠ | ١١ | |
| ٣ | بەشی كوردی | ٣١ | ١٠ | |
| ٤ | بەشی عەرەبی | ٢١ | ٨ | |
| ٥ | بەشی ئینگلیزی | ١٣ | ٧ | |
| ٦ | بەشی پەروەردەی ئاینی | ١٨ | ٨ | |
| ٧ | بەشی پەروەردە و دەرونزانی | ١١ | ٦ | |

**ئامرازی توێژینەوەكە:**

بۆ گەشتن بە ئامانجی توێژینەوەكە وا پێویست بوو توێژەر بۆ پێوانەكردنی (بەڕێوەبردنی پۆل بەكارایی) پێوانەی گونجاو بەكاربهێنێت, لە بەر نەبوونی پێوانەیەكی گونجاو بە زمانی كوردی توێژەر بە زمانی عەرەبی بۆ پێوانەكردنی ئاستی بەڕێوەبردنی پۆل بەكارایی پێوانەكەی وەرگرت لە ( علی، ٢٠٠٩) كە پێوانەكە پێكهاتبوو لە (٤٦) برگە وە لە بەرامبەر هەر برگەیەك سێ هەڵبژاردە هەیە كە بریتن لە (زۆرلەگەڵدام ،تاڕادەیەك لەگەڵدام ،لەگەڵی دانیم ) بەرامبەر هەر هەڵبژاردەیەك نمرەیەك دانراوە بە هەمان ڕیزبەندی (٣, ٢, ١).پاشان بۆ ئەوەی پێوانەكە بگونجێت لەگەڵ كۆمەڵگەی توێژینەوەكە چەند هەنگاوێك ئەنجام درا وەك:

١- وەرگێڕانی زمانەوانی **Translatiom Validity**

پێوانەكە پێكهاتبوو لە (٤٦)برگە بەمەبەستی ڕاستگۆی وەرگێڕان پێوانەكە درا بە چەند شارەزایەكی زمانەوانی هەنگاوی یەكەم پێوانەكە درا بە شارەزایەكی زمانی عەرەبی كە شارەزای زۆرباشی هەیە لە زمانەوانی و ڕێزمانی كوردی بۆ ئەوەی پێوانەكە لە زمانی عەرەبی وەربگێڕێتە زمانی كوردی، پاشان پێوانە كوردیەكە درا بە كەسێكی شارەزا لە زمانی عەرەبی، بۆ ئەوەی وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، دواتر پێوانە عەرەبیە (ئەسلكە) لەگەڵ پێوانە وەرگێردراوەكە(كوردییەكە) درا بە كەسێكی تری شارەزا لە زمانی عەرەبیدا بۆ ئەوەی ڕادەی لە یەك چوونی برگەكان بە ڕێژەی سەدی بۆ برگەكان دەربهێنێت كە ڕێژەی لێكچوونی برگەكان لە( ٩٦% ).

٢- ڕاستگۆی ڕواڵەتی **Face –Validity**

ڕاستگۆی ڕواڵەت واتە ئایە پێوانەکە گونجاوە بۆ ئەو دیاردەیەی دەی پێویت وە ڕادەی برگەکانی پێوانەکە ئەو گۆڕاوەی بۆی دانراوە پێوانەدەکات(الجلبی ،٢٠٠٥: ٨٤) بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان لە بواری پەروەردە و دەروونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە وەك لە پاشكۆدا ئاماژە بەناویان كراوە, داوایان لێکرا ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەربڕن و هەرگۆڕانکاریەکیان پێ باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پێی بۆچوونی شارەزایان ڕێژەی ڕێکەوتن لە سەر مانەوەی برگەکان بەم شێوەیە بوو کە برگەکان لە کۆی (٤٦) برگە تەنیا (٤٠) برگە مایەوە کە (٦) برگە لادران کە برتی بوون لە برگەکانی (١١، ٢٣،٢٤, ٢٧ , ٣٦,٣٩) هەروەها برگەکانی تر وەك خۆیان مانەوە.

٣-ڕاستگۆیی بونیادنان (Construct validity)

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕاستگۆیی و پشتی پێ دەبەسترێت لە دیاریکردنی ڕاستگۆیی پێوانە پەروەردەییەکان، کەواتە ڕاستگۆیی بونیادنان واتە پەیوەندی نمرەکانی پێوانەکە بە نمرەی گشتی و پێوەرکە.

توێژەر ڕاستگۆیی بونیادنانی ئەنجامدا بۆ پێوانەی بەڕێوەبردنی پۆل لە سەر نمونەی سەرەتایی مامۆستایانی زانکۆ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) کە ژمارەیان (٥٠) مامۆستا بوو لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە بەشە جیاجیاکانی زانکۆی کۆیە، دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ پێوانەکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person)ی لە نێوان برگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکە دۆزیەوە.

خشتەی ژمارە (٣) پەیوەستی هەر برگەیەکی پێوەری بەڕێوەبردنی پۆل بە کۆی پێوەرەکە

| برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | .450** | 9 | .294** | 17 | .516** | 25 | .238* | 33 | .285** |
| 2 | . 418** | 10 | .412** | 18 | .322** | 26 | .419** | 34 | .422** |
| 3 | .554** | 11 | .466** | 19 | .470** | 27 | .345** | 35 | .461** |
| 4 | .439** | 12 | .396** | 20 | .352** | 28 | .484** | 36 | .396** |
| 5 | .310** | 13 | .350** | 21 | .392** | 29 | .467** | 37 | .348** |
| 6 | .433** | 14 | .344** | 22 | .247** | 30 | .583 | 38 | .355** |
| 7 | .482** | 15 | .381** | 23 | .400** | 31 | .382** | 39 | .379** |
| 8 | .404** | 16 | .468** | 24 | .322 | 32 | .405** | 40 | .468** |

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هەندێك لە برگەکانی پێوانەکە پەیوەندییەکی بە هێزیان بە نمرەی گشتی پێوانەکەوە هەیە.

٤ -دیاری کردنی جێگری توێژینەوەکە Reliability

جێگری پێوانە: ئەو پێوانەیە ئەگەر دوبارە کرایەوە لە هەمان بارودۆخدا و لە سەر هەمان کۆمەڵە لە هەموو جارەکان هەمان ئەنجامی هەبوو، ئەوە دەتوانن بڵێن پێوانەکەجێگرە(ابراهم و ابوزید ،٢٠١٧: ٣٣٤) توێژەر جێگری پێوانەکەی بە ڕێگای ئەلفا کرونباخ دۆزیەوە کە یە کێکە لە ڕێگەکانی دەست نشان کردنی گونجانی ناوەکی،پاش دابەش کردنی پێوەرەکە بەسەر(٤٠) مامۆستای بەشەکانی فاکەڵتی زانستە تەندروستیەکانی زانکۆدا وەك نمونەی سەرەتایی دابەشکرا کە بەهای جێگری پێوانەکە برتی بوولە (٠,٨٢) کە ئەمەش جێگریەکی پەسەندە.

خشتەی ژمارە (٤ ) جێگری پێوەری بەڕێوەبردنی پۆل ئەلفای کرۆنیاخ **(Cronbach's Alpha)**

| ناونشانی تەوەر | Cronbach's Alpha | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| بەڕێوەبردنی پۆل | ٠,٨٢ | ٤٠ |

تابەتمەندی پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی وجێ بەجێکردنی:

بەشێوەیەکی کۆتای پێوانەی بەڕێوەبردنی پۆل لە (٤٠) برگە پێکهاتبوو هەروەها بژاردەکان پێکهاتبوو لە سێ بژاردە لە بەرامبەر برگەکاندا کە برتن لە (زۆرلەگەڵمدام ، تارادەیەك لەگەڵمدام ، لەگەڵی دانیم ) بەهای بژاردەکان برتیە لە (٣-٢-١) بە هەمان ڕیزبەندی .

-جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە :

توێژەر دەستی کرد بەجێبەجیکردنی پێوانەی توێژینەوەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا کە پێکهاتبوون لە مامۆستایانی بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە کە ژمارەیان (٦٠)مامۆستا بوو لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەشێوەی هەرەمەکی فۆرمەکە دابەش کرا بەسەریان دا .

ئامرازە ئامارییەکان

بەمەبەستی شکردنەوەی داتاکان توێژەر چەند ئامرازێکی ئاماری بەکارهێنا بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی SPSS ئەوانش برتین لە:

1-هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ Cronbach's Alpha بۆ دیاریکردنی جێگری پێوەرەکە .

2-هاوکێشەی **One Sample t -Test** بۆ زانینی ئاستی بەڕێوەبردنی پۆل لە ڕوانگەی مامۆستایان.

3-هاوکێشەی **Independent Sample Test** بۆ زانینی ئاستی بەڕێوەبردنی پۆل لە ڕوانگەی مامۆستایان بە پێی ڕەگەز .

6-هاوکێشەی **One Way Anova** بۆ زانینی ئاستی بەڕێوەبردنی پۆل لە ڕوانگەی مامۆستایان بە پێی تەمەن .

## بەشی چوارەم خستنەڕووی ئەنجامەکان و شرۆڤەکردنیان

خستنە ڕووی ئەنجامەکان : ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکان دەخرێنە ڕوو دوای شکردنەوەی داتاکان .

ئامانجی یەکەم : زانینی ئاستی کارایی لە بەڕێوەبردنی پۆل لە ڕوانگەی ما مۆستایان بەگشتی .

دوای کـۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنـانی بەرنـامەی (SPSS ) وداخلکردنی داتاکان و ئامرازی ئاماری ( One Sample T- Test ) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەی بە ناوەندی گریمانەیی بەکارهات لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەیی (٩٢,٦٣) بوو، گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە کە بریتی بوو لە (٨٠) بە لادانی پێـــوەری (٨,٥٢)هەروەهـــا دەرکەوت کە بەهـای (تی) بـریتیە لە ( ٧١,١) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠١) جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەکرێت ناوەنـدی ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی واتا کارامەیەکانی بەڕێوەبردنی پـۆل لە ئاسـتێکی بەرزدایە تـوێژەر بـۆ دۆزینـەوەی ناوەنـدی گریمـانەیی یاسـایی دۆزینـەوەی ناوەنـدی گریمـانەیی بەکارهێنـا هەروەك لە خشتەی ژمارە (٥) روونکراوەتەوە .

خشتەی ژمارە (٥) دەرخستنی ئاستی کارایی لە بەڕێوەبردنی پۆل لە ڕوانگەی ما مۆستایان بەگشتی

| پێوانە | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێودانگی | بەهای تی | نمرەی ئازاد DF | بەڵگەداری ئاماری | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڕێوەبردنی پۆل | ٦٠ | ٩٢,٦٣ | ٨٠ | ٨,٥٢ | ٧١,١ | ٥٩ | ٠.٠١ | ٠.٠٥ |

خسـتنە رووی ئامـانجی یەکەم وەك لە خشـتەی ژمـارە (٥) دەرکەوتـوە کە ئاسـتی بەڕێـوەبردنی پـۆل لە لایەن مامۆسـتایان بەڵـگەداری ئامـاریە لـێرەدا بە بـۆ چـوونی تـوێژەر بەگشـتی مامۆســتایان کــاردانەوەیەکی ئەرێنیــان هەیە بــۆ کــارامەیی بەڕێـوەبردنی پـۆل وگەشـەپێدانی رەفتـاری داواکـراو و گەشـە پێدانی بـاش و دروسـت کـردنی کەشـێکی لە بـاری پەروەردەیی و شێوازی گەیاندنی زانیاریەکان و چۆنیەتی گەیاندنی پەروەردی بۆ خوێنـدکارەکان, هەروەها مامۆسـتایان توانـویانە بەڕێـوەبردنی پـۆل بەشـێوەیەکی زانسـتیانە و سسـتەماتیك بەڕێـوەببەن و شـــارەزایی هـــونەری لە بەڕێـــوەبردنی پۆلـــدا بەکـــاربهێنن و بەشێوەیەکی پەروەردەییانە مامەڵە لەگەڵ خوێندکاراندا بکەن, بە بۆچوونی توێژەر بەگشتی مامۆستایانی زانکۆ لە توانایاندایە بۆ رەخساندنی ژینگەیەکی لەباری پەروەردەیی دروست بکەن بۆ خوێنـدکاران چـونکە لەئاسـتی زانکۆیـدا مـامەڵەی راسـت و دروسـت لەگەڵ خوێنـدکارادا دەبێـتە هـۆی دروسـت بـوونی خوێندکاری بە تواناو پڕ چالاکی و خوێندکاری بەهێز کە بتوانن سودیان هەبێت بۆ دوارۆژی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان.

٢ - ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی کارای لە بەڕیوەبردنی پۆل لە روانگەی مامۆستایان بە پێی ڕەگەز.

دوای شـکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری ( Independent Sample Test ) دەرکەوت ناوەندە ژمێرەیی لای رەگەزی نـێر (٩٧,٥٠) و هەروەهـا ناوەنـدە ژمـێرەیی لای رەگەزی مێ (١٠٠,١) لە خشـــتەی ژمـاره (٦) کە پەیوەســتە بەخستنە رووی ئەنجامەکان دەرکەوتوە کە ئاستی بەڕێوەبردنی پۆل لە زانینی ئاسـتی کارای لە بەڕیوەبردنی پـۆل لە روانگەی مامۆسـتایان بە پـێی هەردوو رەگەز بەڵـگەداری ئامـاریە لای رەگەزی نێر بەڵگەداری ئاماری بـریتیە لە (٠,٠٥)لای رەگەزی مێ بریتیە (٠,٠٣).

خشتەی ژمارە (٦)ئەنجامی ئاستی کارایی لە بەربوەبردنی پۆل لە روانگەی مامۆستایان بە پێی رەگەز

| پێوانە | رەگەز | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودەنگی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڕێوەبردنی پۆل | نێر | ٣٦ | ٩٧,٥٠ | ٩,٣٠ | ٥٩ | ٢,٠٧ | ٠,٠٥ |
| | مێ | ٢٤ | ١٠٠,١ | ١٠,١٢ | | | ٠,٠٣ |

خستنە ڕووی ئامانجی دووەم وەك لە خشـتەی ژمـارە (٦) دەرکەوتـوە لە بەڕێوەبردنی پۆل بە کارایی بە گـوێرەی ڕەگەز بەڵـگەداری ئامـاریە بەلام لای رەگەزی مێ بەڵگەدارەکە زیاترە وەك لە رەگەزی نـێر هۆکاری بەڵـگەداری ئامـاری لای رەگەزی مێ بە بۆ چوونی توێژەرمامۆستایانی رەگەزی مێ بەرپرسیاریەتی و زیاتر گـرنگی دەدەن بە ژینـگەی نـاو پـۆل و هـانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی ئەرێنی دەدەن و پاڵنەری فێربوون لای خوێندکاران دروست دەکەن, چەندین توێژینەوە ئاماژە بە گرنگی شێوازی مامەڵەکردنی مامۆستایان دەدەن لەگەڵ خوێندکاراندا و توێژەر پێی وایە مامۆسـتایانی رەگەزی مێ زیاتر رێساو رێنماییەکانی نـاو پـۆل جێبەجێـدەکەن, هەروەهـا هەبـوونی بەڵـگەداری ئامـاری لای مامۆســـتایانی رەگەزی نـــێر تـــوێژەر وای بـــۆ دەچێـــت مامۆســـتایانی رەگەزی نـــێر بە زمـــانێکی روون و ئاشـــکرا و بە رەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی نێوان خوێندکاراندا توانیویانە بە شێوەیەکی گونجاو پۆلەکانیان بەڕێوە ببەن و توانایان هەیە لە رووی جـــولە و دەنـــگ و روونکـــردنەوەی بابەتەکـــان بـــاش بگەیەنن.

٣- ئامـانجی سـێیەم : ئاسـتی کـارایی لە بەڕێـوەبردنی پـۆل لە روانگەی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی تەمەن.

دوای شـیکردنەوەی داتاکـان بە بەکارهێنـانی ئـامرازی ئامـاری (One Way Anova ) دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەیی لای مامۆســـتایانی پـــلەی زانســـتیان (مامۆســـتای یاریـــدەدەر) ژمارەیـــان(٢٠)بـــوو بـــریتیە لە (٩٢,٣٦) بە لادانی پێـــوەری (٦,٠٥) و لای مامۆســـتایانی پـلەی زانسـتیان (مامۆسـتایە) ژمارەیـان (٢٥)بـوو ناوەنـدە ژمـێرەیی گەشـتە (٩٩,٢٢)بەلادانی پێـوەری (١٢,٥٢) بەلآم لای مامۆســتایانی پـلەی زانســتیان (پرۆفیسـۆری یاریـدەدەرە) ژمارەیـان (١٥)بـوو ناوەنـدە ژمـێرەیی (٩٤,٢٠) بە لادانی پێوەری (٩,٣٤) هەروەها دەرکەوت بە های (f) بـریتیە لە (٠,٥٨٠) لە ئاستی بەڵـگەداری (٠,٥٦)هەروەك لە خشـــتەی ژمـــارە (٧) و (٨) رونکـــراوەتەوە واتـــا جیـــاوازی

بەڵـگەداری ئامـاری بەدی ناکرێـت لای مامۆسـتایان بە پـێی گۆڕاوی تەمەن .

خشتەی ژمارە (٧) خستنە رووی کارایی لە بەڕێوەبردنی پۆل لە روانگەی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی تەمەن

| پێوانە | پلەی زانستی | نموونە | ناوەندی ژمێرەی (تێکرا) | لادانی پێودانگی |
|---|---|---|---|---|
| بەڕێوەبردنی پۆل | مامۆستای یاریدەدەر | ٢٠ | ٩٢,٣٦ | ٦,٠٥ |
| | مامۆستا | ٢٥ | ٩٩,٢٢ | ١٢,٥٢ |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ١٥ | ٩٤,٢٠ | ٩,٤٧ |
| گشتی | | ٦٠ | ٩٩,٥٤ | ٩,٣٤ |

خشتەی ژمارە (٨) خشتنە رووی جیاوازی نێوان گروپەکان و جیاوازی لە ناو گروپەکان

| جۆری گروپ | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری ئاماری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جیاوازی نێوان گروپەکان | ١٠٩,٣٨ | ٢ | ٥٢,١٢٥ | ٠,٥٨٠ | ٠,٥٦٠ | ٠,٠٥ |
| جیاوازی لە ناو گروپەکان | ٣٣٥٢.٨ | ٥٩ | ٩٠,٧٢ | | | |
| گشتی | ٤٤٦٢,١٦ | ٥٩ | | | | |

## بەشی پێنجەم راسپاردە و پێشنیار

### دەرەنجام :

١-ئاستی بەڕێوەبردنی پۆل بەکارایی لە روانگەی مامۆستایان بە گشتی بەڵگەداری ئامارییە .

٢--ئاسـتی بەڕێـوەبردنی پـۆل بە کـارایی بەپـێی گـۆڕاوی ڕەگەز بەڵگەداری ئامارییە بە گوێرەی هەردوو ڕەگەز بەڵام لە ڕەگەزی نێر ئاستی بەڵگەداری بەرزترە وەك لە ڕەگەزی مێ.

٣-ئاسـتی بەڕێـوەبردنی پـۆل بە کارایی بە پـێی گـۆڕاوی تەمەن بەڵگەداری ئاماری نیە.

### راسپاردەکان :

١ – هەوڵبدرێت بۆ دابینکردنی گشت ئامرازەکانی فێرکاری و بۆ ئەوەی ئاسـتی خوێنـدن لە ئاسـتی خوێنـدنی زانکـۆیی دابێت و مامۆسـتا بتوانێت بە باشـترین شـێواز پـۆلەکەی بەڕێوەببـات و پلانی گونجاوی هەبێت.

٢ – مامۆستایانی زانکۆ تایبەت مامۆستایانی فاکەڵتی پەروەردە هەوڵبدەن بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاوی لەبار بۆ ئەوەی خوێنـدکاران بە هێمنی و ئارامی سـوود لە زانیاری و بابەتەکان ببینن بۆ هێناندی ئامانجەکان.

٣ – مامۆسـتایانی زانکـۆ هەوڵبـدەن بـۆ پەیڕەوکـردنی شـێوازێکی سـەرنج ڕاکـێش و گونجـاو بـۆ وانەوتـنەوە و دورکەوتـنەوە لە توندوتیژی و میزاجیەت.

٤ – مامۆســتایانی زانکــۆ لەســەر بنەمــای ڕێزگــرتن پــۆل بەڕێوەببەن و هاندەربن بۆ جـوڵانی هەسـتی فێربوون و زانسـتی خوێنـدکاران و کـارکردن بـۆ بەرەو پـێش بـردنی خوێنـدکاران لە رووی ئەکادیمی.

### پێشنیارەکان :

١-ئەنجامـدانی تـوێژینەوەیەکی هاوشـێوە وەك ئەم تـوێژینەوەیە لەســەر نمــوونەیەکی تــر کە گشــت زانکۆکــانی کوردســتان بگرێتەوە.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە وەك ئەم توێژینەوە بە پێی چەند گۆڕاوێکی تر وەك ( سالآنی خزمەت و پلەی زانستی ).

٣-ئەنجامــدانی تــوێژینەوەیەکی هاوشــێوە لەســەر وەرگــرتنی ئاراســـتەی خوێنـــدکاران بـــۆ بەڕێـــوەبردنی پـــۆل لەلایەن مامۆستایانەوە.

### سەرچاوەکان :


١-قەرەچەتـــانی,کەریم شریـــف(٢٠١٤)ســـایکۆلۆجیاو ڕێگاکـــانی وانەوتنەوە,کتێبخانەی گشتی,پیرەمێرد,سلێمانی.

٢-ســیوەیلی, ئیــدریس (٢٠١٧)مامۆســتای کــارامە و وانە وتــنەوەی سەرکەوتوو،چاپی دووەم،چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی

٣-عزیز,عزالـدین احمـد(٢٠١٧)بنەماکـای دەرونــزانی گشــتی ،چــاپی 6 ،چاپخانەی رۆژهەلآت، هەولێر

٤- محمد, کاوە علی(٢٠١٩)هونەری وانە وتنەوە و بەڕێوەبردنی پۆل ، چاپی 1 ، تاران .

٥-ابراهیم,محمد عبدالرزاق و ابوزید،عبدالباقی (٢٠٠٧)مهارات البحث التربوي ،عمان المملکه الاردنیه العاصمه ،دار الفکر للنز و توزیع .

٦-أبـو عـزام, الاسـتاد محمد خالـد(٢٠١٧) الاداره التعلیمیـة والشراف التربـوي ،عمان ،دار زهدی للنشر و التوزیع .

٧-الجلبي, سوسن شاکر( ٢٠٠٥ )أساسیات بنأ الاختیارات و المقیر الفقیه و التربویه ،گە،دمشق ،موسسه علأ الدین للگباعه و اللنشر .

٨-الرشــایده ,محمد صــبح (٢٠٠٨). الاداره صــفیه والمعلــم النــاجح ،عمان،دارپافــا. وەرگــیراوە لە کتێبی مامۆســتای کــارامە و وانە وتــنەوەی سەرکەوتوو.

٩-سلیمان,(٢٠٠٢) الاختبارات و المقابین فی العلومالفنیه و التربویه خگوات اعدادها و خصائصها ،دار المتب الحدیپ القاهره

١٠-السید, محمد أبو هاشم (٢٠٠٤) سیکولوجیه المهارات، زهراء الشرق .

١١-المواضیه,رضا سلامه(٢٠٠٦) ماجسـتر أسـالیب الاداره الصـفیه لـدی معلمی المرحله الأساسیه العلیافي الآردن في چوء متغیرات الجنس و الخبره و المؤهل العلمی.

١٢-المقیـد,عارف مطـر (٢٠٠٩) الرسـاله ماجسـتر مشـکلات الاداره الصـفیه الـتی تواجـه معلـمی المـرحله الابتـدائیه بمـدارس وکاله الغـوپ الـدولیه بغـزه وسبل التغلب علیها .

١٣-السـبعی,عبدالرحمان عبـدالله(٢٠١٧-٢٠١٨) ماجسـتر الأنمـاط الإداریه الصفیة التی یمارسها معلمو مراکز السراج المنیر فی وزاره الأوقاف الکویتیه.

١٤-العجمی,علی محمد فهید(٢٠٠٧) .الرساله ماجستر انماط الاداره الصـفیه السـائدة في المـدارس المتوسـظة في دولـة الکویـت و علاقتهـا باتجاهـات المعلمین نحو مهنه التعلیم .

١٥-غریـب,امـال غریـب(٢٠١٤-٢٠١٥ ). الرسـاله ماجسـتر اداره الصـف و علاقتها بالرسوب المدرسی من وجهه نظر تلامیڑ السنه الپالپه من التعلیم الپانوي دراسه میدانیه بپانویه حمزاوی محمد العید-مسکیانه .

١٦-عـلی, شـافی حسـین(٢٠٠٨-٢٠٠٩). ماجسـتیر سـمات الاداره الصـفیه الفاعله من وجهه نظر التدریسین و الطلبه فی الجامعه.

١٧-محمد,علی ابراهیم (٢٠١٠) استراتجیان اداره الصف الجامیعی ، کلیه تربیه جامعه دیالی .العراق.

١٨-عـلى, بنـاي محمد(٢٠١٩). عنـوان بحـب :المهـارات الأساسـيه لـلاداره الصفيه لدى مدرسي مرحله الابتدائيه ،الجزائر ،جاميعه قاصديه
١٩-الغامدي, عائج عبدالله(٢٠١٦) الإداره الصفيه وتقييم التعليم التصميم العالمي للتعليم،دار وفاء للنشر والتوزيع.
٢٠- الزغلول,عمادعبــــدالرحيم والمحايده,شــــاكر(٢٠٠٧) ســـــيكولوجيه التدريس الصفى,دار المسيره,عمان.
٢١- دولمری,کوڤـان رزگـار(٢٠١٦) هـونەری وانەبێژی,هەولـێر, چاپخـانەی رۆژهەلات.

## پاشکۆی ژمارە (١) ناوی پسپۆرانی وەرگێران

| ژ | ناو | پسپۆری | شوێنی کارکردن | وةرطێران |
|---|---|---|---|---|
| .١ | پ.ی.د. مسعود سليم | زمانەوانی عەرەبی | زانکۆی کۆیە فاکەڵتی پەروەردە | عربی بۆ کوردی |
| .٢ | م.ئالا دارا عبدالمجيد | زمانەوانی کوردی | زانکۆی کۆیە فاکەڵتی پەروەردە | کوردی بۆ عربی |
| .٣ | م.کۆیان اسماعيل | زمانی طشتی | زانکۆی کۆیە فاکەڵتی پەروەردە | بەراوردی هەردوو پێوەر |

## پاشکۆی ژمارە (٢) ناوی شارەزاو پسپۆرانی بواری دەرونزانی

| ژ | ناوی شارەزایان | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| .١ | م.د. ئالان صلاح سعدي | دەرونزانی | زانکۆی کۆیە<br>بەشی پەروەردەو دەرونزانی |
| .٢ | پ.د. بدرخان مصطفى ابراهيم | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | |
| .٣ | م.شيرين سعيد | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | |